# دوعاکان دەکوژرێنو دەسەڵاتیش بێ نقەیە

**م. برایم**

سەردەمانێك پێمانوابوو کە تەنها توندڕەوە ئیسلامییەکان تیرۆریستن، پێمانوابوو تەنها ئیسلام ڕێ بەزیندەبەچاڵکردنی ژنان دەدات. پێماوانبوو تەنها لەسەردەمی جاهیلیدا پیاو دەسەڵاتی بەردبارانکردنی ژنی هەبووە، وەلێ ڕووداوە لێوان لێو لە وەحشیگەرایییەکەی تیرۆرکردنی (دوعا) هەموو ئەو بۆچوونانەی سڕییەوە.

لەساتەوەختی بیستنی هەواڵەکەوە تا ئەوکاتەی وێنەی پڕ تراژیدیام لە سایتەکاندا بینی، دوعاخواز بووم هەواڵەکە ڕاست نەبێت، چونکە ئەز یەکێك بووم لەوانەی بەینم لەگەڵ یەزیدییەکاندا هەبوو، لەناخی خۆمدا پێمابوو کە ئێزیدیان قارەمانانە بەرگریان لە دینەکەی خۆیان کردووەو لەبەردەم شاڵاوی موسڵمانو دیانەکانیشدا خۆڕاگر بوون. پێمابوو کە دابونەریتو کلتوری وان زۆر لە ئیسلامو دیان لەپێشترەو پتر ڕێز لە مافی تاکەکانی خۆیان دەگرن.

مەخابن ئەم کارەساتە بێوێنەیە پێچەوانەی بۆچوونەکانمانی سەلماند، نەك لەبەرئەوەی کیژۆڵەیەکی تازەپێگەیشتوو لەسەر خۆشەویستی دەکوژرێت نەك لەسەرئەوەی ئێمەی پیاوان ناموسو ئابڕومان وا لەناو لنگی کچو خوشكو ژنەکانماندایە، نەك لەسەرئەوەی پێشتر ڕوداوی کوشتنی ژنانی میللەتەکەمم بەدەستی قارەمانە سمێڵ بابڕەکان نەبیستووە، نەخێر ئەز دەیان چیرۆکی کڕینەوەی ناموسی ئەتککراوی پیاوانم بەرگوێ کەوتووە کاتێك قارەمانانی خێڵو خێزانو عەشیرەت زۆر لێبڕاوانە، بڕیاری کوشتنی کچێك یان کیژۆڵەیەك یان ژنێکیان داوەو بەوەش پێیانوابووە ڕشتنی خوێنی مێینەیەك دەکرێ ببێتە سابون بۆ لابردنی پەڵەی ڕەشی ئابڕووتکاوەکەی پیاوان.

بێزاریو نەفرەتی من لەو کارەساتە تەنها لە کوشتنی (دوعا)ی جوانەمەرگەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو سەرچاوەی گەورەی بێزارییەکەی من لەوەدایە کە یەزیدییەکان ئەوکارە قێزەونەیان ئەنجام داوە.

جاران دەمانتوانی شانازی بکەین بەوەی ئێمەی کورد ژنکوژ نین، ئەوە موسڵمانە توندڕەوەکانن ژن تیرۆر دەکەن. دەمانتوانی بڵێین ئێمە میللەتێکن شانازی دەکەین بەوەی هێشتا بەشێك لە توندڕەویو تیرۆر دزەی نەکردۆتە ناومان. لێ دیمەنە تاوانکارییەکانی



تیرۆرکردنی (دوعا)ی جوانەمەرگ بەدەستی کێ؟ بەدەستی ئێزیدییەکان!! بەدەستی کوڕانی گەڕەك! بەدەستی خزمو کەسوکارو دۆستو خۆشەویستانی خۆی! سەلماندی کە کورد میللەت نییە عیللەتە.. عیللەت.

کوشتنی دوعا بەوشێوەیەی کە بینیمان لە هیچ سەردەمێك، لە هیچ کۆمەڵگایەکی تردا ڕووی نەداوە، کەس نەیبیستووە لە هیچ وڵاتێك لە نێو هیچ میللەتو قەومێکدا، کیژۆڵەیەك بەوشێوەیە بەدەستی ئەو هەموو تاوانکارە، خوێنمژە، تیرۆریستە دڕندەیە بەوشێوە نامرۆڤانەیە ئەنجن ئەنجن بکرێت.

بۆیە لێرەوە لە ئێستاوە پێم شەرمە من پیاوم، پێم شەرمە من خەڵکی وڵاتێکم کیژۆڵەی تێدا زیندەبەچاڵ دەکرێتو دەسەڵاتیش نقەی لێوەنایەت.

ئەو کارەساتە لەهەر وڵاتێکی تری ئەم سەر زەمینە ڕوبدات، دونیا دەخرۆشێت، قیامەت هەڵدەستێت، کەچی بۆ بەدبەختی کیژانی وڵاتەکەم.. بۆ بەدبەختی دڵدارانی داهاتوو، بۆ بەدبەختی ئێمە، هەموو بڕیاریان داوە بێدەنگ بن.

دوعاگیان تۆ تاوانکار نیت، ئەوانەی تۆیان لەخاچدا تاوانکارن.. ئەوانەی چاویان لەو تاوانە بوو و بەرگریان لێ نەکردیت تاوانکارن..ئەوانەی دالدەی بکوژەکانت دەدەن تاوانکارن.. ئەوانەی یاسا بەسەر ئەو دڕندانەدا جێبەجێ ناکەن..ئەوانە هەموو تاوانکارن.

جەستەی خوێناویو ڕۆحی بەناهەق شەهیدکراوی تۆ لەهەموومان خاوێنترە، لەو دەسەڵاتەش خاوێنترە پێش دەستگیرکردنو سزادانی تۆ، خەو دەچێتە چاویان.

# لەپاش کوشتنی دوعا
# کێ دەستکاری بەهاکانی پیاو دەکات!!

**عەلی حەسەن**

لەو ساتەوە کوشتنی دوعام بینی، ئەو کچە لالشیەی پڕبوو لەژیانو بۆ جوانی خۆی بەختکرد، زۆر بە ناشیرینی کوشتیان...

ئەوێك ئەگەر بەجلەوە خۆشەویستەکەی لە ئامێز گرتبێ بەڵام هەموو دنیا بەڕوتی بینیو کوشتیان...

ئەگەر ئەو تاوانی ئەوەبووبێت کە خۆشەویستی کردوە ئەی ئەوانەی کوشتیان ئەبێت چ تاوانبارێك بن؟؟

کاتێك بەربەریەتی جوانەمەرگکردنی دۆعا دەبینین بەزەیمان بەو مارو ئەژدەهاکانەشدا دەێتەوە کەبە بەرد دەکوژرێن.. دەزانن کاتێك باسی دۆعا دەکەم مەبەستم مرۆڤێکە، مرۆڤێك کە لەو دڕندانە ناچێت کەزۆر جار تاوانی شەرف ڕووشێنی گەورەو زەبەلاح ئەنجام دەدەن.. لەکۆمەڵگای ژنکوژیدا، شەرەف بەتەنیا لەمێینەدا کۆبوەتەوە، بەڵام گەر لەسەر شەرەفی ڕاستەقینەبدوێینو وەك جەستەی دۆعا مەمەڵەی لەتەکدا بکەین، ئەوا هەموو بلۆکی دنیا بەشی کوشتنی پیاوە بێشەرەفەکان ناکات..

بکوژانی دوعاش وەك هەموو پیاوانی تر هەر لەکاتی لوت زلبونیانەوە هەتا ئەوکاتەی کچێکیان دەست دەکەوێت خۆر جەستەی نەبینیبێت، سەدان و هەزاران تاوان بەرامبەر خودی خۆشەویستی دەکەن، جا لێگەڕێن لەبازرگانیو پیسی جەستە.. پیاوانی کۆمەڵگاکەی من بۆ ئەوەی کچێك بکاتە هاوسەری ژیانی و شانازی بە پاکی شەرەفی پارێزراوی خۆیەوە بکات، وەلێ ئەگەر شتێکی ناسکو جوانیشی دەسبکەوێت هەموو یاساکانی هاوسەری پێشێل دەکاتو وەك گورگێکی گۆشت نەدیو پەلاماری ئەدات و دوای تۆبەیەکی پاکیزانە دەچێتەوە لای هاوسەرەکەی.. زۆرن ئەوکارانەی کە پیاوی خاوەن شەرەف دەیکەن و شانازی پێوە دەکەن، بەڵام ئاخ یاسایەك نیە ئاینێك نیە کەداد پەروەرانە ئەو بلۆکانە بەکاربێنێت.. ئەوکات چش لەجەستەی پاکی دۆعاش..

کێ لەپیاوانی کۆمەڵگا ژنکوژە ناشرینەکەی من زیاتر شانازی بەزۆرترین سێکسبازیو پاشبازیەوە ناکات؟؟ کێ لە پیاوانی کۆمەڵگا ژنکوژە ناشرینەکەی من زیاتر شانازی بە هەموو ئەو خۆشەویستیانەوە ناکات کە لە سەردەمی هەرزەکاریدا دەیکات؟؟

بڕواناکەم هیچ پیاوێك هەبێت بتوانێت نکۆڵی بکات کە جارێك و هەزاران جاریش کاری وای نەکردبێت؟؟ بەڵام بەکێ بڵێین؟؟ کەم لە پیاوان هەیە حەزی لەخوشکێکی هاوڕێکەی خۆی نەکردبێت، یان حەزی لەهاوڕێی خوشکێکی خۆی نەکردبێت..

ئای لەو پیاوانەی کۆمەڵەکەم.. کۆمەڵە ژنکوژەکەم.. چەند داوێن پاکین ئای خۆزگە لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا یەدا شەرەف پێوێك دروست دەکرا بۆ پیاوان.. ئەوسا وەیلەوەی ڕزگاری ببوایە.. ئەوسا دەبوو بۆ هەتاهەتایە هەمو پیاوان سەر شۆڕکەن لەئاست ژنان و کچانی وەك دوعاو ئەوانەی وەك ئەو کوژراون و تا ئێستاش دەکوژرێن.

دۆعا.. مردنێکی سادەوساکار نەبوو.. دۆعا ژن کوشتنێك بوو دوور لە ئایەتەکانی خوا.. دۆعا بوە سیمبوڵ بۆ کەلتوورێك کە چیتر زاناو توێژەری بیانی ناوێت بیسەلمێنێت کەلتوورێکی ژنکوژیە.. موسڵمان هەر ژنەکەی دەکوژێت، مەسیحی هەر دەیکوژێت، ئەوا ئێزیدیەکانیش کوشتیانو بەناشرینترین شێوە.. ناسنامەی ژن کوژی ئالوودەی خوێنی شەرەف پارێزی بوە، کاتێکیش شەرەف بەتەنیا لەنێو لاقی ژنەکانماندا بێت.. چیتر دەرفەت نەماو دۆعا دوا نزرگەی نەفرەتمانە.. دەبێت هەموو ژنانی ئەم کۆمەڵگایەو چەند پیاوێکی بەوەفا بۆ مرۆڤایەتی گەرچی بەدەر نین لەتاوانەکان، بەڵام دەتوانن خۆیان بکرنەوەو لێرەوە بڵێین نا بۆ ژن کوشتن لەسەر هەربیانویەك بێت.

# ئارایشتگاکان بەدڕەوشتی بڵاودەکەنەوە، یا دەسەڵاتی پیاو سالاری؟

**کێشوەر کمال**

ئارایشتگای شاد




لەمێژە وتراوە چەم بێ چەقەڵ نابێت، ئەمەش مانای وایە هەر چینو توێژێك بگرین، بە جیاوازی ڕەگەزو بیرو باوەڕیشەوە ئەوە ڕاستیە دەسەلمێنن، کە بە کرداری چەند کەسێك زۆرینەی کەسەکان مەحکوم نابن بەهەمان کردار ئەوانی دی.

لە ژمارە 146 ڕۆژنامەی ڕێوان بابەتێکم بەرچاوکەوت، کە لە لاپەرەی یەکەم ئەم ڕستەیە نوسرابو "بەپێی ئاریشە ئارایشتگاکان بەدڕەوشتی بڵاو دەکەنەوە".

من بۆخۆم سەرەتا داڕشتنی ئەم سەرباسەم پێ ڕەفزە، چونکە بەو پێیە بێت دەبێت شەوو ڕۆژ ئارایشتگاکان ئیشیان نەبێت، تەنها بەدڕەوشت کردنی کچانو ژنانی ئەم شارە نەبێت.

هەروەها من نازانم ئەو هەواڵە تاچەند ڕاستە ئەوە دەکەوێتە سەر لایەنی بەرپرسو سەندیکای ئارایشتگاکان.

ئەوەی بۆ ساتێك چاوی بە مێژوی پیاوسالاریدا خشاندبێتو بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، چاك دەزانێ سەرچاوەو هۆکاری بڵاوبونەوەی بەدڕەوشتی کێ یەو لەلایەن کێوە ڕێگەی بۆ خۆش دەکرێتو پەناگەو دالدەی بۆ ئامادە دەکرێت، ئەوە ئارایشتگاکانن بە ئۆتۆمبێلە کەشخەو هۆشە مەستەکانیانەوە دەورو خولی کچانو ژنانی وڵات دەدەن، یا پیاوانو ڕەگەزی نێرە؟

ئارایشتگاکان قوتی ڕۆژانەی خەڵکیو کچو ژنانی هەژارو ستەم لێکراوانیان بە دەستە، یا پیاوە هەوەس هارەکان؟ هەندێ جار وا لە ئافرەتی بە شکۆ دەکات، ڕەوشتی بخاتە ژێر دەستی ئەو پیاوانەوە تا لەتە نانێکی چنگ بکەوێت بۆ بژێوی منداڵەکانیو پێویستیە سەرەتاییەکانی خۆی.

کێن ئەوانەی دەسەلاتو پارەو هێزی خۆیان ئیسغلال کردووە بۆ لەخشتەبردنی کچانو ژنان، ئارایشتگاکان، یا پیاوە سروشت نەخۆشەکان؟

کێ هۆکاری دەرپەڕاندنی چەندەها گەنجو لاو بوو لە ماڵو جێگەی خۆیان بۆ بەردەم شەقی پاسدارو چەندرمەو پۆلیسی ئەم ولاتو ئەو ولات؟ دواتریش ئاوارەبونیان.

کێیە تا ئێستاش نایەڵن کچان و ژنان خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیان بن تا چیدی پیاوە دەرون نەخۆشەکان یاری بە سەربەرزیو کەسایەتیانەوە نەکەن، ئارایشتگاکانە، یان پیاوانی بریار بەدەست، بۆ هێنانو بردنی ئافرەتو کچانی ئەم وڵاتە، بۆ ئەو ماڵو ئەو مەسئول. ئەمانەو گەلێ شتی دی، وەك وتم من نامەوێت بڵێم، ئەو هەواڵانە ڕاستن یان نا، ئەوە کاری کەسی ترە، بەڵام ئەوەندە هەیە، دەمەوێت بڵێم، تاکەی ئافرەتانو ژنان ببنە خوڵقێنەری بەدڕەوشتیو هەوەس بازی پیاوە دەرون نەخۆشەکانو دەستی فێڵو تاوانی ئەوان بە ئافرەتانو ژنان بسپێردرێت.

ئەگەر وادابنرێت ئافرەتان جارێك گوناهباربن، ئەوا پیاوە لادەرەکان سەدجار، تاوانباری سەرەکیو کۆتایی بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتین، ئەوە ئەرکی سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتانەو پاشانیش تەواوی هاوڕەگەز، کە بەکۆمەڵگەو هەمو لایەك بوترێو تێیان بگەیەنن، کە ئەوە ئەوانن کە ئەقڵو ژیری خۆیان داوەتە دەست مشتێ پارەو ئارەزویەکی کوێرانە، ئەوە ئەوانن ڕێخۆشکەری هەموو نەهامەتیەکانی ژنانو کچانن، ئەوە ئەوانن خەریکی ناشیرین کردنی کەسایەتی کەسانێك کە پێیان دەوترێ ڕەگەزی مێ، هەروەها فرسەت هێنان لەباری کۆمەڵایەتیو ئابوریو فیکری ئافرەتانو قۆستنەوەی بۆ بەدی هێنانی خواستو ئارەزووەکانیان.